سوپای ئیسرائیل هەرشیکردە سەر ئامانجەکانی حزبوڵا لە چەند ناوچەیەکی لوبنان



وتەبێژی سەربازی ئیسرائیل رایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ زنجیرەیەك هەرشیان بۆ سەر ئامانجەکانی حزبوڵای لوبنان لە چەند ناوچەیەکی باشوری بەیروت دەستپێکردووە.

ئەفیخای ئەدرعی وتەبێژی سەربازی ئیسرائیل لە لێدوانێکدا رایگەیاند، دەستمانکردووە بە هەرشکردنە سەر ئامانجەکانی حزبوڵا لە چەند ناوچەیەکی لوبنان.

لەلایەکی دیکەشەوە، میدیاکانی لوبنان بڕاویانکردەوە، دو هەرشی ئاسمانی ئیسرائیل دو باڵەخانەی شارچکەی سەحمەر لە دێی بەقاعی ڕۆژاوای ڕۆژهەڵاتی لوبنانیان کردە ئامانج.

ئەو هەرشانەی ئیسرائیل دوای فەینی چۆپێی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل دێت لە دێی بەقاع، هەروەها هێزەکانی ئیسرائیل هەشداریاندایە هاوڵاتیانی مەدەنی کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن.

سوپای لوبنان پێنجشەممەی ڕابردو ڕایگەیاند، پلانەکەی بۆ سنوردارکردنی چەك لە دەوڵەتدا چوەتە قۆناغێکی پێشکەوتو، دوای ئەوەی ئامانجەکانی قۆناغی یەکەمی لە باشوری لوبنان بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێکردووە.

سوپای لوبنان کۆتایی ساڵی 2025ی وەك دوا وادەی جێبەجێکردنی پلانەکەی دیاریکردبو کە لە مانگی (ئابـ/8)ی 2025 پەسەندکرابو، بۆ داماڵینی چەك لە حزبوڵای لوبنان لە باشوری لوبنان کە هاوسنورە لەگەڵ ئیسرائیل پێش ئەوەی بچێتە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکە.